# منم شار و دارستان

شۆعلە ڕەونەقی

(گوڵبژێری شێعر ۲۰۱۵-۲۰۱۰)

**منم شار و دارستان**

شۆعله ڕەونەقی

**چاپەمەنیی ئەوین**

چاپی یەکەم، ۱۰۰۰ دانە، ۱۳۹۵، مەریوان

شابەک: ۷-۲۹-۸۱٦۷-٦۰۰-۹۷۸

**انتشارات ئەوین:** مریوان، انتهای خیابان مردوخ

۰۸۷۳٤۵۲٦٦٦٤ - ۰۹۱۸۱۷۳۰۳۳٤

www.awinbook.com

**قیمەت: ۵۰۰۰ تمەن**

**پێشکەش بە:**

(١)

ئێوارەیە
لە ژێر داری ئەقاقیا
لە ناو مێلۆی خەیاڵی تۆ
فریشتەی خەو دێتە پێشم
پەیکێ لە پەیکم ئەدات و
ئەمکا بە ماچێ پەمەیی
لە سەر لێوت ڕادەکێشم.

(٢)

تابلۆی ژین
داسی برژانگی تۆیە و
مەلۆ مەلۆ
ڕۆژەکانی من.

**(٣)**

کاتژمێرێکی ماسەییم
کە چاوەکانت لێک‌ئەنێیت
پڕ ئەبم و
کە لێشم ئەڕوانی، خاڵی
پڕ ئەبم و
خاڵی
پڕ ئەبم و
خاڵی.

**(٤)**

ئەمشەو بێدارم
وا قەرارە کەسێ بێت
مانگی پێنەگەییو
پێدەکەنێت
مسۆگەرە
فەریادڕەسێ دێت.

(٥)

من ئاسمانی شینم
تۆ کۆخێکی
تاریک و تەنگ
درێژەی دووکەڵی نامێهرەبانیت
ساماڵی من لێڵ ناکات.

**(٦)**

سیللولەکانم

لە گڕووت

دانە دانە

ماسیون

هاکا

وەکوو

هێشوێ تیزانگ

بەر بووم.

**(٧)**

مێژووی باڵات
پەندی پێداوم!
ئیتر هەڵناچم بە ڕێگەی دووردا
بە ڕێگەی دووری
سەعبۆلعۆبووردا.

(٨)

کورتە شێعرەکانم
باڵا ناکەن
تووی هزرەکانم
لە سێبەری دیوارەکان چێنراوە.

(٩)

ژنانی وڵاتی من
دارستانەکانی وڵاتی منن
هەمیشە ئەگرێن.

(١٠)

بارم قورستر ئەبێت

کە مشکی تەمەن

پێشەکانم پووکتر ئەکات.

(١١)

شەوگارێکە
بێدەنگی زاڵە و
تەمای گیانی شار ئەکات
شەقامەکان
لە خاچ دراون
شار ژنێکە و
شەوگارێکە
بێزوو بە هاوار ئەکات.

(١٢)

باوەڕت بووم
لێم وەرگەڕای
وردە وردە
زەنگت برد
لە پڕێکا
شکای.

(١٣)
چاوەکانم دوو گۆزەن
لە کانیاوی چاوەکانتدا
پڕ ئەبن لە زەردەخەنە
نمەنمە
ئەبن بە دوو شێعری تەڕ و
تکەتکە
ئەڕژێنە سەر شانت.

(١٤)

شەوی شەوە و

چاو بێدارە

وادیارە

هێزی وشە

بۆ شاڵاوێتر تەیارە.

(١٥)

ئێوارەیە

نمنم تاریکی ئەبارێ

دارستان کاس

شار بێهۆشە

تەرمی ئەندێشەی شاعێرێ

لە سەر کۆڵی

چوارینەییێکی ڕەشپۆشە.

پەرخەپرخی بێخەمی شار.

(١٦)

میلۆدی هەوار

قرچەقرچی دارە و

پرخەپرخی بێخەمی شار.

(١٧)

منم و
دەلاقەیێ
ڕوو بە دیوارێکی بەرز
جارجار پلوورەکە
هەواڵێ لە ئاسمانم بۆ دێنێت.

(١٨)

ئەمن ژنم
ژین دەژەنم
لە نێو دەستانی سیمانیش
چووزە دەدەم
پێدەکەنم.

(١٩)

کەش و هەوای چاوەکانت
کەش و هەوای چوار وەرزن
پێ‌ئەکەنی، سەوز ئەبم
کە هێمنی، پێ‌ئەگەم
کە زیز بی، هەڵئەوەرێم
کە تووڕە بی، ئەلەرزم.

مندا.

(٢٠)

شەوە

درەنگە

شار بێدەنگ

من ئاژاوەم و

ئاژاوەگێڕ مەند.

(٢١)

بەس چاوی گەش
کە لە پشتی درگای دڵم بە جێ ماون
کە تێناگەن
چاوەکانم
لە ئەرشیڤی چاوی تۆدا
پرتووکاون.

(٢٢)

دڵەڕاوکێ
چرکە بە چرکەی ڕاو کردووم
دەستەمۆی پەرێشانیم.

**(٢٣)**

شەو هات و

دیسان

هاواری سەرکێشی منی

بە چوار مێخەی شێعر کێشا.

(٢٤)

من

سەرانسەر تۆم

بێسنوور

تۆ

هەزار ساڵی نووری

لە من دوور.

(٢٥)

که شەقامەکان
بە چوار مێخە کێشران
کۆڵانەکانیش مانیان گرت
شار
کلوو کلوو
خەوی لادێ دەبینێت.

(٢٦)

بازاری گۆڕان کەسادە
ترپەی پێیساڵی تازە دێت
من هێشتا
خەمی کۆنە دەفرۆشم.

(٢٧)

ئەمشەو تۆپی!
چۆلەکەی لاڵەم
کە شەوان هەتاکوو سبەی
لە پشت دەلاقە شینەکەی خوا
لە سەرما هەڵدەکورما.

(٢٨)

نیوەی مانگە
مانگ پیِ بە مانگە
سبەی نشێوی لە دایک ئەبێت.

**(٢٩)**

گوناحەکانم
جاڵجاڵۆکەن
درگای شاری خوایان لێ تەنیوم
لە چزوویان
ئەوەندە ماسیوم
بە درگا نێوبڕەکانی بەخشینیشدا
ڕەت نابم.

(٣٠)

پەنجەکانی تیشک

لە سەر پیانۆی حەوز

ماسیەکان دێنێتە سەما.

**(٣١)**

بگەڕێوە شۆڕەسوار

خەم

وەسوەسەی سەر جێگەی

شەوانی تەنیاییم ئەکات.

(٣٢)

ئەو ڕۆژەی کە ڕووخام
جومعە بوو
قامەتی نوێژم
ئەو ڕۆژە هەڵوەری
ئەڵێی ئەو ڕۆژە خوا
ماندووتر لە ڕۆژانیتر بوو
پێش ئەوەی
هەناسەی سواری من
بە دەستی ئەو بگا
هەناسەی تۆ
بە هەناسەیێکیتر گەوزا
جومعەکانی ژاراوی
جومعەکانی لاڵی بێتاوی
یاوی ئەو وایرووسە
لە دەمارم نوێ دەبێتەوە
ئەی ئیلاهەی کاولی
ئەی یار
ئەی یادی کاولکەرت
لەوتێنەری هەناسەی شار
بوونم بە بیرەوەریت مەسموومە

ڕۆح لە کۆمایە
تەنانەت ئەم کاولیە گیرۆیەت
ماڵی خودایشی
لە شێعرمدا کاول کردووە.

(٣٣)

برِۆ هاوسەفەر
ڕەوانەی ڕێگات بێ
خورپەکانی نائارامیم
لە کۆڵانەکانی پڕ لە بێکەسیدا
دەستەکانت بە جێ هێشتم دەربەدەر
شەقامەکانی شار گیانەسەر
لە هات و چوونی بێسەرئەنجامیم
بە جێ ماوم و ئێستا سات
یادەکانی سیلاویت هێڵنج ئەدات
برِۆ هاوسەفەر
هەموو خەونە ئاڵۆزەکانم
ڕەوانەی ڕێگات.

(٣٤)

له پای سێدارەی ژیانم
چوار چێوەکەی ژێر پێشم
بە ڕوانینت بەند بووە
ببیت و چاوم لێ هەڵگریت
بێوچان گیانی شیرینت لێم سەندووە
لەم لاوە هێمات یەخەی پێ گرتووم
سەری سوڕ کردووم کردەوەی چاوت
بە بوون و نەبوون پشووت لێ گرتووم.

(٣٥)

زستان
بووکی سارد و سڕ
تۆش وەکوو من
کەژاوەکەت شکاوە
منیش وەکوو تۆ
تارای سپیم ڕچاوە
دەست و دڵم لە سەر شان و ملی
بووکە بەفرینەکەی منداڵیما
بە جێ ماوە
تۆش وەکوو من وایت
تۆش وەکوو من
بووکی ڕوو سپی شەوی بێزاوایت.

**(٣٦)**

تۆ نیت
ئەگەر لە ناخم نیت
تۆ یارم نیت
کە زایەڵەی هاوارم نیت
مەچۆرە قاپی قیبلەوە
تۆ نیت
ئەگەر بێ کات و شوێن
لە نێو خوێن و دەمارم نیت.

**(٣٧)**

پەردە لادە قوربان
دەخیلم بەست بە موژگانت
گرێی کوێری سوژدەم ئاوەڵا کە
با هەڵمژم گەرد و تۆزی دەرک و بانت.

(٣٨)

زستانە
لە ژێر کەلاوەی خوزگەکاندا
حەزێکی نامۆ
پەڕە پەڕە
ڕۆژژمێری تەمەن گڕ ئەدات و
گەرمی ئەبێتەوە.

(٣٩)

له لەوەندیی ئاواتەوە
نەکەی بخزێیتە نێو لێڵاییی ڕۆژەکانم
مانگم مردووە
نەکەی جلی تەڕی ماچت
لە سەر باری لێوم ڕا بخەی
شەوگاری من
زەردەخەنەی ئەستێرانی قەت نەدیوە
نیگای نیانی پڕ لە ویستت
بەرگەی تووڕەیی تەنیاییم ناگرێ
ئیتر بە تەمات نابم
ڕێگە نادەم جارێکیتر
شێعری وێڵم
ڕێگەی دووری قەڵای باڵات بگرێتە بەر
دەلاقەی تاقی ئینتزارم ئیتر
بەرەو بۆنی یاسی سەرونجت
ناکەمەوە.

(٤٠)

بەیانیانی غوربەت
کە لە خەو ڕا دەبم
چرکەکانم هەڵدەگیرسێن
چاوەکانت نیشتمان بوون
نیشتمان...

(٤١)

ئەمشەو لێی ترسام
شیشەی دەلاقەکانی هەموو مات بوون
نەمزانیبوو قەت
بۆنی یاسەکانی باخچە نابیسێ
کە دوگمەی کراسەکەی کردەوە
خاڵکوتی سینەی
ژنێکی لە سێدارە دا بوو
ئۆف!
چۆن نەمزانی
ئەمشەو نامرۆڤانە باخچەکەی کوشت.

**(٤٢)**

پاییز
زەرد هەڵگەڕاوی هیجری یار
گەڵا گەڵا فرمێسکی تۆ و
دڵۆپ دڵۆپ شێعرەکانم
لە دوای کۆچی گوڵێکی سوور
ئەڕژێنە خوار
زەردەپەڕی ئێوارەت
تابلۆی دڵتەنگی شارە
بۆنی لەشی ڕووتی تۆ
بۆ چاوی گریانی من
بۆنی ئامێزی یارە
کورتی ڕۆژانی سەردت
وەکوو وەفای یارمە
درێژی شەوەزەنگ
لە شوێن نیگایێ سەردی
ڕێگەی شارە و شارمە.

(٤٣)

کووچە گڵاوە و
ئیزدیحام ئیجبار
لێزمەی لۆمەیە
هەڵدێم و هەناسە سوار
هەڵئەپێکم درگای ژوورم
پووڵەک پووڵەک وشەی ناسک
بە کراسی شیعرێکی‌ترا
بۆ باڵای بەرزی تەنیایی خۆم ئەدوورم.

(٤٤)

درەختەکان
زستان لە ئامێزی ڕووت ڕادەمووسن
شەرم دەکەن لە هاوین
جلی گەڵا دەپۆشن.

(٤٥)

زستانە
یەڵدای چاوەڕوانی
کردوویەتە سەر کۆڵی دارستان
پەسوۆردی وەرزی پشکووتن
لە پاوانی بووکە بەفرینەکاندایە.

(٤٦)

دێیتەوە ڕۆژێ

ڕوو لەم مێحرابە دەکەی

بیستووتە ڕووبار

قەت لە دەریا بتۆرێ؟

(٤٧)

ڕێبواری ڕێی پەنجەرەت بێ
شنەی ئاڵۆزاوی
یادم.

(٤٨)

مانگ مانی گرت
که ئەستێرە
چاوێکی لە سپێدە قرتاند.

(٤٩)

گیرۆدەی شەو

دوچاری ڕۆژم

شەو

کۆرپەی دڵم

تووشی ئازاری شێعر ئەکات

ڕۆژ

تەلی ئازارەکانم زاخاو ئەدات.

(٥٠)

گۆزەی زەردەخەنەی
خستوەتە سەر شانی "لێو" و
دیسان هاتە دەر
لەولاوی شێعرم دیسان
بەژنی دڕکاوی نیگای گرتە بەر.

(٥١)

که دەرگەکەت کردەوە، کە خۆتت دا نیشانم
دنیا و دینم بزر کرد، کۆڵی دا ڕۆح لە گیانم
شیشەی ڕوونی تەماشام، ماتی سەنگی دڵت بوو
ڕەحمت بێ، مەمپارێزە بە تامەزرۆی شکانم
لە گێژەنی تەماشا کەوتمە داوی نیگاهت
لە نێو یادت پڕووکا ماسی شێعری دیوانم
دێوانەیی کردووم وت و وێژ لە گەڵ یادت
وێرانەی دڵ ئاوا کە وەرە ژووری چاوانم
تا بەیان لەگەڵ شەودا چرکە ڕا دەگرم وەرە
خەوی لێکەوت ئەمشەویش مانگی ماندووی سەربانم
سەفەر مەکە گوڵی من، کە دەڕۆی دڵ مەگۆڕە
نەکراوە بە یەک بگەین، خۆم باشی لێ دەزانم
دەزانم خۆشەویستم کە عاشقی بارانی
بۆیە دنیا تەڕ دەکەم بە ڕێژنەیی گریانم
دەزانم کە پێت خۆشە ببینی پەرێشانیم
لە ئەزەڵ بۆ دیدارت خوا بڕیویە سامانم.

(٥٢)

کەوە بوومەتەوە
لە بێدەنگیدا تاسیوم
ڕەشەبام و ئاسمان
جلی سروەی بۆ دووریوم.

مەسلووبی ڕووتم.

**(٥٣)**

وێڵم

لەو کاتەوەی

مەسلووبی ڕووتم.

(٥٤)

مووچرکەیێکی تۆراوم

هێمایێ

لەو چاوەی لە خۆباییت

هەستێکی مردووی

لە ژێر پێ نێژراوم

هەناسەیێ

لەو هەناسەی مەسێح ئاساییت.

(٥٥)

تەواوی بیرەکانم
لەم موسەلەسە بێرمودایەدا
گێژ و گومن
کە بۆچی من تۆم دەوێ
تۆ کەسێکی کە و
کەسێکی دیکەش ئەمن!

(٥٦)

ئەمشەو باران دەبارێ
بەهارێتر دێتەوە
گوڵێتر دەشنێتەوە
دەمێکە چاوەڕوانم
ئەتۆش بێ و بملاوێنە
بە ئاهەنگی پێتەوە
لە پەنجەرەی ڕوو بە باخ
تەماشای بارین دەکەم
لەگەڵ گۆرانی باران
دەڵێم ناوە جوانەکەت
چۆلەکەی نێو خەیاڵم
ئەمشەو باران دەبارێ
تەڕ نەبێ هێلانەکەت
دڵۆپێ لەو بارانە
لە سەر شیشەی پەنجەرە
بووە بە هاودەردی من
ڕێگەی زۆری پێواوە
بۆ بینینی یارەکەی
لە سەر گۆنای سەردی من.

(٥٧)

له قاڵبی نوێژدا
گیرۆدەی فەرمم
گیرۆدەی کات و
گیرۆدەی شوێنم.
سووچی خۆم ئاوەڵایە
ئەڕۆمەوە و لەوێدا
خۆمانە ئەتلاوێنم
نوێژەکانم بەتاڵن
چۆلەکەکانی بێباڵن
نافڕن
دێنەوە داوێنم.

(٥٨)

ڕۆژەکانم
لە بەندی تاکەکەسی عادەتن
نەوێران پاسەوانە.
جارجار
هیوا پەنجە هەڵئەپێکێ و
کورتە شێعرێ
خۆی هەڵئەواسێ بە دەلاقەکەیدا.

(٥٩)

ئەم شارە

وەستاون دژم

ڕۆچنەکانم داخراون

ناهێڵن زێدم هەڵمژم!

(٦٠)

دڵم پڕە

بوومەلەرزەی هیچ ناڵێنێ

ناتوانێ بەردی بوغزم ڕاشەکێنێ.

(٦١)

کام بوتی چاوڕەش بوتم
به ئەژنۆتی دەرهێنا
تۆی له ڕووگەم سەندەوە
بێدادی کام چاوخومار
ئەی خاوەنی دانه و داو
خستووتیه نێو بەندەوە.

(٦٢)

کێ دەڵێ لە دڵ دەڕوا

ئەوەی لە دیدە ڕۆیی

کە چی لە دیدە ڕۆشتی

دڵێ گیانکەنشت دەکا

لە شوێن دەردی بێتۆیی.

(٦٣)

له شوێن ئاوابوون هەتاوی چاوت
چۆن دڵی دێنێ کە دڵ بگۆڕێ
گوڵە بەڕۆژەی ملکەچی چاوم
چاوی هەڵ بێنێ و لە ڕۆژ بنۆڕێ.

(٦٤)

درەنگە

شەوە زەنگە

گوێی شەو

پڕ لە دەنگی شەوئاهەنگە

ئەم دڵەتەنگەیش

پڕ بە باڵای

سەروێکی شۆخ و شەنگە.

(٦٥)

هەر ئاواتێکم
بەرخی هەورێکە
لە ئاسمانی هاوینێکی وشکدا
جارجار لە خەودا
هەورە برووسکە
وەک داری شوان
کۆیان ئەکاتەوە و
نمنم ئەبارێت
باخچەی هەژار تەڕ ئەبێت
پێکەنین چووزە ئەدات و
خەم دائەشارێت.

(٦٦)

ئاهەنگی سەری ساڵە
گرمەی ئاگربازیە
گوێی ئاوایی
پڕ لە دەنگی قرم و قاڵە
منیش لە سەر گڵکۆی ئاواتەکانم
ماقی سفرەی حەفتسینم
خەیاڵم بووەتە جۆلانەی ڕوومەتی ڕوونت
ماسیە سوورەکەی نێو تۆنگی بلوور
سەری گێژ ئەخوا
لە هات و چوونت.

(٦٧)

دڵم وەکوو چرکەژمێرێ
دەگەڕێ لە دوای بەهانەکانت
دێت و دەڕوا
وەکوو ئاوەنگ
بەڵکوو چرکەیێ
وێنەی تەنیاییم
بگریتە قاپی چاوەکانت.

(٦٨)

له کوێی شەولەبان
ئەی گورگی شەوێ
وەرن کە ساتێ
لەم ئاژاوەدا
له ترسی ئێوه
خەوم لێ کەوێ.

(٦٩)

شکایەت بێت حەکیمی دڵ عاقبەت بیمارت کردم
لە جەنگی تۆ کۆڵم نەدا، عاقبەت ناچارت کردم
دڵشاد بووم و لە سەر خۆ، گەلێک ئازاد بووم و خۆم پاراست
لە داوی زوڵفی خاوی تۆ، ئاخر گرفتارت کردم
بیستبووم دەرمانی دڵی، ئۆقرە و سامانی دڵی
ئارامی دڵ ئەگەر تۆ بووی، بۆ شێت و بۆ هارت کردم
بۆ برینی دڵی عاشق، کە مەرهەمی بڵێ بۆچی
شەوەهای شەو تاکوو بەیان پڕ بە دڵ ئازارت کردم
خەونی خۆشی بێقەراران دەخیلم بەست بمخەوێنی
لە خەونی خۆشی بێخەمی لە ناکاو بێدارت کردم
بۆچی ساقی قومێ نازت نەڕێشتە نێو جامی چاوم
لە مەیخانەی چاوخوماران نەتناسیم و خارت کردم
بەس کە شۆریم بە ئاوی چاو، گۆمەز و سەحن و پابۆست
کە نەتبینیم لە بازاری دنیا و دین بێزارت کردم
بڕۆ عەشق کە نامەوێی گەلێک ماندووم لە کاری تۆ
ئەی پادشای ماڵی دڵان بێکەس و بێکارت کردم.

(٧٠)

تا دوو قایەقی نیگات
بگا بە بەندەری دڵ
دە دەوری دەریا دەدات
دیدەی دەر بە دەری دڵ.

(٧١)

بارستای بوونم زەنگی بردووە
لەم شانۆیەدا
ڕۆژێ سەدجار
زمانم بە بڕواکانم خەیانەت ئەکا

***
www.awinbook.com
********

***

www.awinbook.com

********